

# شاعیری کورد (نەزەند بەگیخانی) بۆ خەڵاتی (Forward Books) هەڵدەبژێردرێت

"ڕۆژێکی ئاسایی"، شیعرێکی شاعیری کورد (نەزەند بەگیخانی) بۆ خەڵاتی ئیمساڵی Forward Book of Poetry لە بەریتانیا هەڵدەبژێردرێ و لەگەڵ چل لە "باشترین شیعری ساڵ" ی کۆمەڵێک شاعیری ناودار لە ئەنتۆلۆژیایەکدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ئەم شیعرە لە دیوانی ( Bells of Speech, Ambit, 2007) وەرگیراوە.

(نەزەند بەگیخانی) خەڵکی شاری کۆیەیە و لە ساڵی 1987 ەوە لە مەنفا (دانمارک، فەڕەنسا، بەریتانیا) دەژی لە ساڵی 1997 لە زانکۆی سۆربۆن دکتۆرای لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەرگرتووە. تا ئێستا سێ دیوانی بە کوردی بڵاوکردۆتەوە[1] و Bells of Speech یەکەمین دیوانیەتی بە زمانی ئینگلیزی کە لە مەیانی ئەدەبدۆستان لە بەریتانیا پێشوازییەکی زۆرباشی لێکرا. هەردوای دەرچوونی دیوانەکە (نەزەند) لە ڕادیۆی 4 ی بی بی سی لە بەرنامەی بەناوبانگی "سەرەتای هەفتە" داوەتکرا.

لە 14 ی مایسی رابردوو پەرلەمانتاری بەریتانی (ئان کلوید) لە سازمانی پەرلەمانی بەریتانی پێشوازی لە شاعیر و کتێبەکە کرد، لە ئێوارەیەکی شیعریدا کە کۆمەڵێ ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و دیپلۆمات ئامادەی بوون.

تا ئێستا چەند شیعرێکی دیوانی Bells of Speech بۆ ئەنتۆلۆژیای شیعری ئینگلیزی و ئەمریکی هەلبژێردراوە کە دووبارە بڵاویان کردۆتەوە وەکو:

" Inspired Verse" by Wyndham Thomas (Corsham Print, Easter 2007); "

"The Poetry of Recovery" by Sante Lucia Books (USA, 2007);

Fragments from the Dark" by Jeni Williams (Forthcoming 2008)

The Poetry International Web (http://uk.poetryinternationalweb, summer 2007).

ڕەخنەگری هونەری بەریتانی (وەندی بێکێت) لە پێشەکیی کتێبی " Inspired Verse " دا دەڵێت: نەزەند ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ گەڕان بەدوای

---

[1]. دیوانی سێیەمی بەناوی "ڕەنگی خۆڵ" بەرهەمێکی هاوبەشە لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی نووسیویەتی و لە ساڵی 2005 لە کوردستان چاپکراوە.

دادوەری بۆ میللەتی کورد و هەموو ئەوانەی مافیان پێشێلکراوە. ئەو باوەڕی وایە کە بەختەوەری مافی هەمومانە و بە دڵنیاییەکی پڕ لە هۆشیارییەوە ئەو چەمکە دەوروژێنێ".

## ڕۆژێکی ئاسایی

ئەفسەری ئاسایش ئیمڕۆ زوو لەخەو هەڵسا
کراسێکی سپی پۆشی و
سەمونێکی خوارد پڕ لە گوێز و هەنگوین
منالەکانی ماچ کرد
زۆر بە گەرمی هاوسەرەکەی لە ئامێز گرت
خوداحافیزی کردو بەرەو کار هەنگاوی نا
لەسەر مێزەکەی
دە فایل دانرابوو
هی دە لاو لە چاوەڕوانی گوللەباراندا
بەدەم فرکردنی چایەکی نەعنایی
فایلەکانی ئیمزا کرد
سەعات دە
فەرمانی گوللەبارانکردنی داو
زۆر توورە بوو لە پۆلیسێ کە هەدەفەکەی نەپێکی
دەمانچەکەی دەرهێناو
هەدەفەکەی بە دە گوللە پێکا
پێش تەواوبوونی دەوام
سەردانی دایکی دە لاوە کوژراوەکەی کرد
داوای سەد دیناری لە هەریەکێکیان کرد
بۆ خەرجی ئەو گوللانەی کە منداڵەکانی کوشتبوون
ئێوارە
ئاهەنگی لە دایکبوونی براکەی گێڕا
شەو
لەبەردەم ئاوێنە
دڵۆپێ خوێن لەژێر پێی هەڵچوو
ویستی بیشوا
دڵۆپە خوێن بەرەو سەر سنگی هەڵکشا
ئایا جیاوازی چییە لە نێوان کوژراو و بکوژ؟

**و.لەئینگلیزییەوە: ئامانج حەمە**

**تارا شێخ عوسمان:**

# (ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ) بە باوکی (ریالیزمی سیحری) دادەنرێ...



تارا شێخ عوسمان، یەکێکە لە خانمە چالاکەکانی بواری ڕاگەیاندنو وەرگێڕان، لەو بوارانەدا چەندین چالاکیی گرنگو بەرهەمی سەرکەوتووی هەیە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئەم خانمە لەلایەن (گۆڤاری ئاییندە- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم)ەوە بەچاپگەیەنرا، کە ڕۆمانی (ماڵە گەورەکە)ی نووسەری کۆلۆمبی (ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ)یەو لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە، بەپێویستمان زانی ئەم دیدارە کورتەی لەگەڵدا ساز بدەین..

***(ماڵە گەورەکە) ڕۆمانێکی تاڕادەیەک قورسو ئاڵۆزە، هەڵبژاردنی کارێکی وا ئاڵۆز بۆچی دەگەڕێتەوە؟.**

—هەڵبژاردنی ئەو کارە قورس بوو، بەڵام بەبڕوای من ئەمە تەنها ڕۆمانی ئاڵۆز نییە، بەڵکو چەندین ڕۆمانی دیکەی دونیا هەیە کە ئاڵۆزن، خۆ ناکرێت خوێنەری ئێمە لێیان بێبەری بێت، هەر لەو ڕوانگەیەوەو لە حەزکردنم بەوەی کە کتێبخانەی کوردیش لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی ئەمریکای لاتین بێبەش نەبێت، بەتایبەت کە نووسەری ڕۆمانەکە واتە (ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ) بە باوکی (ریالیزمی سیحری) دادەنرێتو ئەم ڕۆمانەشی (تەنها کاری) بووە لە بواری ڕۆماننووسیندا. هەر بۆیە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بڕیارم دا دەستبکەم بە وەرگێڕانی.

***وەک دەزانیت ئەم ڕۆمانە بە زمانی ئیسپانی نووسراوەو دواتر کراوە بە عەرەبیو فارسی، ئایا وەرگێڕانی کارێک ئەگەر لە زمانی یەکەمەوە نەبێ گرفت دروست ناکات بۆ وەرگێڕ؟.**

—وەرگێڕانی دەقێك لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی خۆت کارێکی گرانە، بەتایبەتی گەر بتەوێت ئەو دەقە وەك خۆیو بەهەمان مانا لەڕووی دەستەواژەو دەلالەتو ماناوە بگاتە خوێنەری زمانێکی دیکە، بەڵام مەسەلەی وەرگێڕان لەگەڵ ئەوەی کە پێویستی بە ئەمانەتێکی زۆرە، پێویستی بەوەشە کەسی وەرگێڕ تاڕادەیەك توانای باشی هەبێت بۆ گەیاندنی هەموو ئەو شتانەی باسم کردن، منیش بۆ خۆم لەگەڵ ئەو رایەدام کە باشترو جوانترە هەموو دەقێكو لە ناویشیاندا بەتایبەت دەقی ئەدەبی لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێت، بەڵام کەمیی ئەوانەی کە بۆ نمونە زمانی ئیسپانی دەزانن، کە زمانی بەشێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینە، وا دەکات ئێمە لە زمانی دیکەوەو وەریگێڕین بۆ زمانی کوردی، بەئەدەبی بەرزی ئەو وڵاتانە ئاشنا بین. ئەگەرنا ئەوا ناحەقیی زۆر دەکەین، هەوڵ نەدەین لە ڕێگەی زمانەکانی دیکەوە شاکاری نووسەرە ناودارەکانی ئەمریکای لاتین بکەینە کوردیو وەریانبگێڕین، چونکە لە دواجاردا ناحەقی دەکەین بەرامبەر ئەوانەی کە کوردنو حەز بە خوێندنەوەی ئەدەبی ئەو وڵاتە دەکەن، چونکە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ گەر وا نەکرێت، دەبێت چەندی دیکە چاوەڕوان بین تا کەسانێك فێری زمانی ئیسپانی یان زمانە زیندووەکانی دیکەی جیهان دەبن؟ بۆ ئەوەی ئێمەش بێبەش نەبین لە خوێندنەوەی شاکارە ئەدەبییەکانو نووسینە ناوازەکانی نووسەرانی هەڵکەوتووی ئەو بەشەی جیهان، چونکە زۆرجار دەبێت کەسێك دێتو بە باشی بۆ نمونە زمانی ئەڵمانی دەزانێت، بەڵام ئەو زانینەی تەنها ماماڵە رۆژانەییەکانی خۆی پێ بەڕێدەکات، ناتوانێت بەشێوەیەکی ئەدەبی نووسینو بەرهەمی نووسەرو ئەدیبە بەناوبانگەکانی جیهان بگەێنێتە ئێمەی خوێنەر.

شتێکی دیکەش کە زۆر گرنگە، لێزانینی چۆنیەتیی گواستنەوەی ئەو دەقانەیە کە هەمان چێژ ببەخشێت و هەمان ماناو دەلالەتی هەبێت، هەروەك ئەو زمانەی کە دەقەکە یان ڕۆمانەکەی پێ نووسراوە.

***تۆ ئەم ڕۆمانەت لەعەرەبییەوە کردووە بە کوردیو دواتر لەگەڵ وەرگێڕانە فارسییەکەیدا بەراوردت کردووە، تا چەند جیاوازی هەبوو لەنێوان وەرگێڕانە فارسیو عەرەبییەکەیدا؟.**

—یەکەم جار ڕۆمانەکەم بە عەرەبی خوێندەوە، پاشانیش سەیری دەقە فارسییەکەم کرد، بەڵام دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دەقە فارسییەکە لە ئیسپانییەوە تەرجەمە نەکراوەو لە چەند کەسێکی شارەزاشم پرسی، ئەو بۆچوونەم ڕاست دەرچوو، هەربۆیە دوای ئەوە بڕیاری وەرگێڕانی ڕۆمانەکەم دا، دەقە عەرەبییەکەم کردە بنچینە، چونکە وەرگێڕە عەرەبییەکە کە (محەمەد عەلی ئەلیوسفی)یە کەسێکی شارەزایە لە زمانی ئیسپانیدا، پێشتریش چەندین ڕۆمانی دیکەی ئەمریکای لاتینی وەرگێڕاوە، بەڵام نایشارمەوە کە بۆ هەندێك

گوزارشتو رستەبەندی، دەگەڕامەوە لای دەقە فارسییەکە ئەویش زۆر بە کەمی، جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان دەقە فارسیو عەرەبییەکەدا بەدی دەکرێت، تا ئەو جێگەیەی کە لە فارسییەکەدا هەستم بە گۆڕینی هەندێك رستەو لابردنی هەندێکی دیکە دەکرد، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو جاری وا هەبوو هەستم دەکرد وەرگێڕە فارسییەکە زیادەڕۆیی کردووە لە گوزارشتو رستەسازیدا.

***تا چەند سەرکەوتووبویت لە وەرگێڕانی ئەو کارە ئاڵۆزە؟**

–سەرکەوتن شتێکە دەبێت خوێنەر حوکمی لەسەر بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر هەوڵم داوە ڕۆمانەکە بە باشترین شێوە بگەێنمە خوێنەری کورد، بۆ ئەمەش هەوڵم داوەو ماندوو بووم، چونکە ڕۆمانەکە ئاڵۆز بوو، هەروەك دەبێت ئەوەش بە خوێنەری بەڕێز بڵێم کە: ئەگەر لە هەندێك شوێنداو لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا لەڕووی زمانو تەکنیکەوە هەستی بە ئاڵۆزیو پچڕپچڕی کرد، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆمانەکە، جارێکی تریش دەیڵێمەوە هیچ شتێك لەم دنیایەدا بێ کەمووکورتی نییە، بەڵام من هەوڵم داوە کەمترین هەڵە بکەم و باشترین زمان بەکاربهێنمو لەهەمان کاتیشدا بەئەمانەتەوە ئەو کارە بکەم.

***دیارە جگە لە کاری ئەدەبی، بابەتی سیاسیشت وەرگێڕاوەو وەردەگێڕی، وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی خۆشترو ئاسانترە یاخود سیاسی؟.**

–پێش وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بە دەیان وتارو چاوپێکەوتنو بابەتی لێکۆڵینەوەی سیاسیو ئەدەبیم لە هەردوو زمانی فارسیو عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، ئەوە بوو چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ برایان مەجید ساڵحو دلاوەر عەبدوڵڵا کە هەردووکیان دوو کەسی شارەزان لە بواری وەرگێڕاندا، کتێبی (ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە سەدەی بیستو یەکدا)مان کرد بە کوردی، کە لەلایەن ئەنجوومەنی داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە ئامادەکراوەو نووسراوە. پێش ئەوەش، چەندین چیرۆکی منداڵانم وەرگێڕاوە، بەڵام کاری زۆرم لەبواری وەرگێڕاندا لەسەر بابەتی سیاسی بووە، واش هەست دەکەم بابەتی سیاسی ئاسانترە، چونکە زۆربەیان بە زمانی خەڵك نووسراونو وەك بابەتە ئەدەبییەکان یاری بە وشە ناکرێتو کەمترین کاتیش گوزارشتی شاردراوە بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی تێگەیشتنی هەموان نووسراون، چونکە زۆربەی بابەتە سیاسییەکان، زمان وەك ئامرازێك بۆ گواستنەوەی ڕوانینەکان بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا لە ئەدەبدا زمان وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیەو هەڵگری ماناو دەلالەتە.

**سازدانی: شاباز**



# تابلۆکانی (هێسا)دا
# دواهەمین پێشانگەی
# وەهبی ڕەسوڵ



ڕەنگە گەشەکان و تەکنیکێکی داهێنەرانە، یەکێکە لە سیما تایبەتیەکانی کاری وێنەکێشانی (وەهبی ڕەسول)، هەرچەندە ئەو درەنگ پێشانگە دەکاتەوەو درەنگ ئەزموونی هونەریی خۆی نمایش دەکات بەڵام بەردەوام ئەزموونە هونەرییەکانی جێگەی سەرنجی بینەرانە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ هەستی هونەرییانەو تێڕوانینە تایبەتیەکانی بگەڕێتەوە، کە بەردەوام فیگەرو کەڤاڵەکانی ئەم هونەرمەندە لەبەردەم نیگای ڕەخنەگران و شێوەکاراندایە..

هەربۆیە ئەم جارە (وەهبی ڕەسول) لەم پێشانگەیەیدا جارێکی تر مەملەکەتی ڕەنگ و پانتاییەکی گەورەی لە دونیای تابلۆدا کێشابوو، تابلۆکانی ئەم جارەی (وەهبی) هەوڵێك بوون بۆ تەفسیرکردنی ڕوداوو چیرۆکەکان بە زمانی ڕەنگ، بە زمانی تەکنیك، بە زمانی فیگەرو هێڵ، بەڵام زۆر جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەم هونەرمەندە دەکرێتەوە کە بۆچی تابلۆی پێشووتری نمایشدەکات؟ یان ماوەیەکی زۆرە بەیەك ستایل کاری هونەریی دەکات؟ بۆ ئەم حاڵەتەش (وەهبی ڕەسوڵ) بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و پێی وایە شتێکی ئاساییە هونەرمەند کاری پێشوتری نمایشبکاتەوە، بەتایبەتیش هەندێ لەو کارانە بە ئامێری زۆر پێشکەوتوو کۆپیکراونەتەوەو ئەمەش جارێکیتر بەشداری پێکردنەوەی تەکنەلۆژیایە لە کاری هونەرییدا، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەو تابلۆیانە ڕەنگە زیاتر لە دەساڵ لەمەوپێش نمایشکرابن، ئێستا بینەرو نەوەیەك هەیە کە ڕەنگە لەو قۆناغەدا ئەو تابلۆیانەی نەبینیبێت.

هەندێ جاریش پرسیاری ئەوە ڕووبەڕووی هونەرمەندێك دەبێتەوە ئایا بە کردنەوەی پێشانگەیەکی تا چەند دەتوانێت پێشانگەکانی پێشووتری، یان ئەزموونەکانی پێش ئێستای هونەرمەند تێپەڕێنێت؟بۆ ئەم حاڵەتەش هونەرمەند وتی" ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەخنەگران یان بینەران زیاتر بتوانن وەڵامی بدەنەوە، چونکە من هەرچی بڵێم لەسەر ئەزموونەکانی ئێستاو پێشووترم ڕەنگە گونجاو نەبێت، ئەمە جگە لەوەی لە هونەری مۆدێرندا پیرۆزی لای دەقەو بەرهەمی هونەریی خۆی دەتوانێت قسەبکات و ماناو مەدلولی تازە ببەخشێت، هەربۆیە بینین و ئاستی هونەریش لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕدرێت، ڕەنگە ئەوەی لای من تێپەڕاندن و قۆناغێکی تازەبێت لای تۆ وانەبێت، هەمان قۆناغ بێت، لەمەوە ئەو مانایە بەرهەم دێنین کە کاری هونەریی کارێکی نیسبیەو بە پێی ئاستی هۆشیاری و چێژبەخشینی بینەر دەگۆڕدرێت.

وەهبی ڕەسول مامۆستای بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانیە و ئێستاش خوێندکاری ماستەرە لە بواری شێوەکاریداو یەکێکە لە هونەرمەندە چالاکەکانی هونەری شێوەکاری کوردی، نامە تابلۆییەکانی (هێسا) دواهەمین پێشانگەی هونەرییەتی کە ئێوارەی 10/20لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردییەوە.لەم پێشانگەیەدا کۆمەڵێك کاری پێشوتری هونەرمەند نمایشکرابوو، جگە لە چەند تابلۆیەکی نوێ کە چەند نامەیەکی تایبەتی هونەرمەند بوو بۆ ڕۆحی (هوما)ی بەرائەتی برازای.

# گەشتی یادەوەریی و باڵندە لە پێشانگەکەی ئیسماعیل خەیاتدا






ئیشکردنی ئەو لە چوارچێوەی تابلۆدا هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو قووڵاییەکانی یادەوەریی و سروشت، (ئیسماعیل خەیات) یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دونیای شێوەکاری کوردی، کە زیاتر لە نیو سەدەیە کارەکتەرێکی زۆر چالاکی شێوەکارییەو ئێستاش لە گەلەرییە تایبەتیەکەیداو لە ماڵەکەی خۆی وەك عارف و دەروێشێك بەردەوام سەرقاڵی کارە هونەرییەکانی خۆیەتی، ئەو لە سەرەتایەکی پایزی شاعیرانەدا خۆی ئامادە دەکرد، بۆ کردنەوەی پێشانگەیەکی نوێی لە شارە دێرینەکەی منداڵی، لەو شارۆچکەیەی کە تامەنوکەش وەك "خەیات" خۆی دەڵێت: ئەو شارە بەشێکی فراوانی یادەوەریی داگیرکردووم، بۆیە بەردەوام ئەم هونەرمەندە پێی خۆشە بگەڕێتەوە بۆ قووڵاییەکانی یادەوەریی، بۆ ئامێزی خانەقی، کە بە بڕوای هونەرمەند ئەوساتانە لە هەموو ساتەکانی تەمەنی زیاتر هەست بە شادی و بەختەوەریی دەکات. (باڵندەوماسیەکانی خانەقی) ناوی ئەو پێشانگەیەی خەیاتە کە دوای گەشتێکی هونەریی بەرفراوان بۆ کاریی هونەریی بۆ ئەورووپا، جارێکی تر ئیسماعیلی ڕاکێشایەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی منداڵی کە جگە لە بینینی ماسیەکانی ئەڵوەن و سروشتە دڵگیرەکەی خانەقی هیچ شتێکی تر بینینی ئەوی داگیرنەکردبوو، هەربۆیە ئەو دەڵێت" من پێم خۆشە دوای هەموو گەشتە جیاوازەکانم، دوای هەموو پێشانگەیەك کە لە ئەورروپا یان هەر وڵاتێکی تر دەیکەمەوە جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ خانەقین بۆ شاری لە دایکبوون و شاری لاوێتیم، کە بەبڕوای من ئەو شارە بەشێکی گەورەی کارەکانمە لە بواری وێنەکێشاندا.

ئەم پێشانگەیەش کە نوێترین کارە هونەرییەکانمی تێدا نمایش دەکەم و سەرەتای مانگی یانزە لە ئەڵوەن دەیکەمەوە، نمایشکردنی ئەو کارانەیە کە ماوەیەکی زۆر کەمە دونیایان بینیوەو کێشاومن، لەم پێشانگەیەشدا 30تابلۆ نمایش دەکەم، ئەم پێشانگەیەش بۆ من لە کورترین پێناسەدا دەتوانم بڵێم " لەدوای ئەو گەشتە هونەرییەم بۆ بەریتانیا و کردنەوەی پێشانگە لە چەند شارێکی ئەو وڵاتە، پێم خۆش بوو ئەم پێشانگەیە لە خانەقی بکەمەوە، چونکە تابلۆکانی ئەم پێشانگەیە چیرۆکێکی تایبەتیەو باس لە بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆم دەکات لە خانەقین، ئەمە جگە لەوەی ئەو تابلۆیانەی لەم پێشانگەیەدا نمایشی دەکەم، بەشێکن لەکارکردنی هونەریی خۆم کە بۆیەکەم جارە لە پێشانگەیەکدا نمایشی دەکەم و ئەو شەرەفە دەبەخشم بە خانەقی و بینەرەکەی کە یەکەم جار پێشانگەکەم لەو شارە بکەمەوە.

# بەهمەنی قوبادی

# لە تەنزەوە بۆ تراژیدیا





بەهمەنی قوبادی، دەرهێنەری کوردی ئێرانی، بە فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) لە ساڵی (2000)دا ناسراو بە فیلمی(کیسەڵەکانیش دەفڕن)، لە ساڵی (2004) لە ئۆردوگای پەنابەرانی عێراقی لەسەردەمی هێرشی ئەمریکا درێژەی بە فیلمسازییەکەی داوە. قوبادی لە فیلمی (نیوەمانگ)دا جارێکیتر لێهاتوویی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی تەنزێکی شاعیرانە، کە پێگەی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدات، نمایش دەکاتەوە. فیلمی (نیوەمانگ) وەك فیلمی (ئاوازەکانی زێدی دایکم)ی ساڵی (2002) ئینتیمایەکی تایبەتی بۆ موزیك هەیە.

موزیکی ئەم فیلمە زۆر جوانە و باس لە گەشتی گروپێك لە موزیکزانانی کورد بۆ گێڕانی کۆنسێرتێك دەکات. کەسایەتی سەرەکی ئەم فیلمە پیرەمێردێکی کوردە بەناوی مامۆ (ئیسماعیل غەفاری)، کە موزیکزانێکی بەناوبانگە لای کۆمەڵگەی کوردەکانی تورکیا، عیراق، ئێران. مامۆو گروپەکەی یەکەمین موزیکزانی کوردن کە لە عیراقدا دوای هەرەسی سەدام حسێن، بڕیاری گێڕانی کۆنسێرتێك دەدەن. "مامۆ" بڕیار دەدات ئەم کۆنسێرتە وەك پارچە موزیکێکیماڵئاوایی لەخۆی پێشکەش بکات. ئەو دە کەس لە کوڕەکانی بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ خۆیدا بانگهێشتی ئەم کۆنسێرتە دەکات. هەندێکیان ئارەزوومەندانو هەندێکیان بێ مەیلن بۆ ئەم گەشتە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی هەستی بەرپرسیارێتییەوە بە ئۆتۆمبێلێکی کرێ گەشتەکەی خۆیان دەست پێدەکەن. کاکۆی شۆفێری پڕ لەوزەی ئۆتۆمبێلەکە (ئەڵلا موراد رشتیانی)یە، کە وازیهێناوە لە کارەکەی خۆی کە دادوەری شەڕەکەڵەشێرە تا بتوانێ بێتەناو ئەم گروپەوە.

فیلمی (نیوەمانگ) ناسازگارییە کلتورییەکانی لەپێناو گەڕان بەدوای بەختەوەریی ژیاندا لەبەرچاونەگرتووە. لەماوەی فیلمەکەدا، مۆبایل لەتەك ئامێرە سازە کۆنەکانی موزیکدا دەبینرێتو تەواوی پیرەمێردەکانی ئەو گوندە خاوەنی ئیمەیڵی خۆیانن. کاتێك لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرێك بۆ تێپەڕبوون بە سنوور ناکۆکییەك لەنێوانیاندا دێتەئاراوە، یەکێك لە کوڕەکانی "مامۆ" لاپتۆپەکەی بۆ دۆزینەوەی نەخشەیەك دەکاتەوە، (دیارە پێدەچێ پەیوەندی wi-fi لە شاخەکانی زاگرۆس باشە). لەگەڵ ئەمەشدا کە گۆرانیبێژە ژنە ئێرانییەکان لە کۆمەڵدا ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆنسێرتیان نییە، "مامۆ" هەوڵ دەدات، هونەرمەند (هەدییە تارانی) بەنهێنی بباتە کوردستانی

عێراقەوە. توانستی قوبادی بۆ دروستکردنی ریالیزمێکی سیحراوی لە گوندێکدا کە دانیشتوانەکەی (1340) ژنە گۆرانیبێژی دوورخراوەیە، لە مەیدانێکدا کە ژنەکان ساز بۆ ئەم گروپە موزیکژەنە لێدەدەن، ئەمە ساتێکی لەیادنەچووە.

لەم فیلمەدا، جارێکیتر لەلایەن سەربازە ئەمریکییەکانەوە، رێگە لە هەوڵی ئەوان بۆ تێپەڕبوون بەسنووردا دەگیرێتەوە، سەربازەکان خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام گوللەکان دەست بە دەسترێژ دەکەن. بەهۆی دەستگیرکردنی ژنە گۆرانیبێژێکی هاورێیانەوەو فڕاندنی بۆ شوێنێکی نادیار، سێیەمین هەوڵیشیان ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە. "مامۆ" جەخت دەکاتەوە کە من لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا دەتوانم سازی موزیكو گۆرانیبێژ پەیدا بکەم. بەڵام ئەو وردە وردە بەم ئەنجامە دەگات کە کاتەکەی لە کۆتایی نزیك بۆتەوە.

لە دەقی "نیوەمانگ" لە کۆتایی فیلمەکەدا، بەدەرکەوتنی هونەرمەندی ناسراو (گوڵشیفتە فەراهانی) دۆخێکی خوازەیی پەیدا دەکات. ئەو کە ژنێکی زۆر قەشەنگو جوانە، بەڵێنی چوونە مەیدان بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرتە موزیکییەکەی بە "مامۆ" دەدات.

*ئایا ئەو فریشتەیە؟

*ئایا ئەو نیشاندەری رۆحی کوردستانە؟

لەم فیلمەدا بەهۆی رۆشننەبوونی زۆرینەی مەسەلەکانەوە، ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرێت کە تەنانەت فریشتەکانیش سنوورەکانی خۆیان لەهەمبەر سیاسەتە مەیدانییەکاندا ئەزموون دەکەن. ئەوەی کە لە دەستپێکی فیلمەکەدا بەتەنز دەستپێدەکات، پێ بەپێ لەکۆتایی فیلمەکەدا دەگۆڕێ بۆ تراژیدیا.

**سەرچاوە: رۆژنامەی (بۆستۆن گلۆب)ی ئەمریکی.**

**تای بر**

**و: لاوك حەمە**

# هاملێتێکی سەرنجڕاکێش



قسەکردن لەسەر هاملێت، یان هەر شاکارێکی شکسپیر، پێویستی بە هیچ پێشەکی و سەرنجێك نیە، چونکە شکسپیر و شاکارەکانی بەشێکی زۆریان لە بینین و یادەوەریی کارەکتەری شانۆیی ئێمە داگیرکردووە، بەتایبەتیش لە نێوەندی ئەکادیمیدا کە ساڵانێکە تێکستە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە دەخرێتە سەرتەختە، دوا نمایشی هاملێتیش کە من بینیم، رۆژی 11/13 بوو لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، نمایشەکەش، دەرهێنانی "دێرین حامید کاردۆیی"بوو، لەگەڵ ستافێکی خوێندکاری پەیمانگەی هونەرجوانەکان، کە بریتی بوون لە (سەرکۆ عارف، ئیمان عوسمان، بەیان عوسمان، محەمەد عەدنان) ..

یەکەم ئیشکردنی ئەم دەرهێنەرە لەو دەقەی شکسپیردا، ئیشکردن بوو لە دەقە ئەدەبییەکەدا، بەجۆرێك هاتبوو بە تەنها چەند دیمەنێکی دەقەکەی کۆلاج کردبوو، بێگومان ئەمە دەرهێنەرێك کە ئێستا لە قۆناغی خوێندندا بێت کارێکی قورسەو لەو قۆناغەشدا ئەو توانیبووی بە جوانترین شێوە گرێ و بابەت و چیرۆکی نمایشەکە بە ئاڕاستەیەکدا بەرێت، کە لەڕووی بونیادەوە بینەر هەست بەوە نەکات کە ئەم نمایشە چەند دیمەنێکی لێکەمکراوەتەوە، ئەم حاڵەتە توانستی دەرهێنەر پیشان دەدات لە مامەڵەکردن لەتەك دەقێکی ئەدەبیدا، کە بێگومان ئەم حاڵەتەش بۆ

دەرهێنەرێکی شانۆیی زۆر پێویستە بەتایبەتیش لە مامەڵەکردن لە تەك پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا، بەتایبەتیش دەقی شانۆیی.

لە رووی دەرهێنانەوە چەند بنەمایەکی سەرەکی لە نمایشەکەدا دەبینران، لەوانە کەرەستەکانی سەرتەختەی شانۆ، بە موفرەدەو دیکۆرەوە، کە هەموویان پێکەوە یەکەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێشیان لە چاوی بینەردا دروست دەکرد، بە تایبەتی ئەو (مەغسەلە)یەی کە بەردەوام هاملێت بۆی دەگەڕایەوە، کە دەکرێت ئەم حاڵەتە ببەستینەوە بە حاڵەتی سایکۆلۆژی هاملێت، کە بەردەوام پرسیاری (بوون)ێکی کەینونی لەخۆی دەکات، یان ئەو دیمەنەی سەرەتا کە لە شێوەی تارماییدا تەوزیفیکرابوو، بۆ هەندێ حاڵەتی قەلەقی هاملێت و دایکی ئۆفیلیا بۆی دەگەڕانەوە، بێگومان ئەم هێڵانە لە کاری دەرهێناندا گەر ئەو دەرهێنەرە زیاتر بەردەوام بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەتوانێت ئیشی باشترو هونەرییانەتر بکات.

گەر سەیری لایەنی نواندیش بکەین، لەم نمایشەدا ئەوا ئەم رەگەزەش شان بەشانی رەگەزەکانی تر دەڕۆیشت، بەجۆرێك بینەر هەستی بەوە نەدەکرد هەریەك لەو ئەکتەرانە بۆ چرکەساتێك لە رۆڵەکانیان دادەبڕێن، بەڵام روخساری کاراکتەرو مەوداکانی بێگومان جیاوازی هەبوو، بە تایبەتیش لە مامەڵەکردن و رۆڵبینین لەسەر تەختەی شانۆ، ئەمە جگە لەوەی هەریەك لە (سەرکۆ عارف، ئیمان عوسمان، بەیان عوسمان، محەمەد عەدنان)، لە ناو نمایشدا وەك تۆڕێکی پێکەوە بەستراو یەك کاری ئەویتریان درێژە پێدەداو بەردەوام بۆ چرکەیەکیش نەیان دەهێلا بینەر چاوی لەسەر رووداوەکانی هاملێت هەڵبگرێت، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەو زنجیرە هەوڵانەی کەلای ئەکتەرەکان ودەرهێنەر بۆ نمایشکردنی شانۆییەکی سەرنجڕاکێش کە ئێمە بینیمان، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو چەند ئەکتەرە مژدەدەری کاریی هونەریی داهاتوون، بەو مەرجەی لەسەر مەشق و راهێنان و خۆرۆشنبیرکردن بەردەوامبن.

**نەریمان عەبدولڕەحمان**

# "ستار قادر"
# لە چیرۆکی عیشق و تابلۆدا



ئیشکردنەکانی "ستار قادر" ئیشکردنێکە بە ئاراستەی دواندنی ناخ و پرسیارکردن لە ماهیەتی چیرۆکێکی پەراوێزکراو، هەر بۆیە کارکردنی ئەم هونەرمەندە شێوەکارە، لە ئەزمونێکەوە بۆ ئەزمونێکی تر، جۆرێك لە گۆڕان بەدی دەکرێت، بە تایبەتیش گۆڕان لە روی بابەت و چیرۆکی تابلۆوە، گەرچی پرسیاری ئەوە هەیە ئەم هونەرمەندە جۆرێك لە سنووربەندی هەیە لە مامەڵەکردن لە تەك تابلۆو تەکنیکی هونەرییدا، بەڵام لە دوا پێشانگەی تایبەتی خۆیدا، بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی دابوو کار لە رەمزو هێمایەکی وادابکات، کە بەردەوام نەست و حاڵەتە دەروونیەکانی بە ئاشکرا لە رووخساری تابلۆکانیدا دیاربێت، هەر ئەمەشە وادەکات بەردەوام ئیشەکانی ئەو جێگەی هەڵوێستەو تێرامانی بینەربێت..

لە دواهەمین پێشانگەیدا کە لە هۆڵی مۆزەخانە کردیەوە، جۆرێك لە دیالۆگیش بەدی دەکرا لە نێوان

گێڕانەوەی چیرۆکی ئەنفال، بەڵام بە سەردێکی ئەڤیندارانەی واوە کە هەمیشە ئەڤین چەق و قوڵایی ئەو ئەزموونە دیاریبکات، پێشانگەکە لە بیست تابلۆی قەبارە جیاواز پێکهاتبوو، بە جۆرێك لە جۆرەکان هەریەك لەو بیست تابلۆیە هەڵگری چیرۆك و باس و داستانێکی تایبەتیبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەم شێوازە کارکردنەی هونەرمەند تا ڕادەیەك لای بینەر ئاشکرایە، بەتایبەتی کە ساڵانێکە ستار ڕەنگرێژی بۆ شێوازێك لە کاری هونەریی خۆی دەکات.

ئەم شێوازە لە کاری تابلۆکێشان هەروەك هونەرمەند خۆی دەڵێت"ئەزمونێکی نوێی کارکردنمە بۆ گێڕانەوەو خستنە ڕووی بابەت لە چوارچێوەی حیکایەتێکی تایبەتیدا، کە ئەو حیکایەتە لای من بریتیە لە چیرۆکی لایەنی سۆزداری خود، جگە لەگەڕانەوەیەکی شاعیرانە بۆ ناو خود و بۆ ناو چیرۆکە تایبەتەکانی ژیان"

لە ڕووی بابەت و تایبەتمەندی تابلۆکانیشەوە هەندێ تابلۆ بە فڵچەو تەکنیکێکی تایبەت بۆ ئەنفال کێشاونی و ڕوخسارو جەستە خامۆشەکانی نێو ئەنفالی لە چوارچێوەی تابلۆکانیدا بەرجەستە کردووە، ئەوەشمان بیرنەچێت چیرۆك و بەسەرهاتی ئەنفال، زۆر جارو لە زۆر لایەنەوە هونەرمەندی کورد ئیشی تێدا کردووە، بەڵام دەکرێت ئەم شێوازە کارکردنەش یەکێك بێت لەو شێوازە کارکردنانە.



# گفتوگۆی وەرگێڕی (بیابان) لەگەڵ لۆکلزیۆ



پاریس، سێشەممە، 26ی ژوئیەی 2004، کۆڵانی یەك، گەڕەکی سان ژێرمەن دیپرێ، سەعات 3ی دوای نیوەڕۆ.

هەڤپەیڤینی: ئازیتا هەمپارتیان (وەرگێڕی ڕۆمانی بیابان بۆ زمانی فارسی)

دەرگای ئاپارتمانە بچوکەکەی بۆ کردمەوە، باوەڕم نەدەکرد، لە بەرامبەر لۆکلزیۆدا خۆیدا بم، نوسەرێك کە

به گۆشەگیری‌و هەڵاتن لە گفتوگۆ ناسراوە. بە سادەیی‌و بگرە بە گەرمییەکی لەباس نەهاتووەوە خۆشهاتنی کرد. لەگەڵ ئەوەی پێشتر بە تێلیفون مەبەستی سەردانەکەم بۆ ڕوون کردبۆوە، دەستەپاچە وتم:

*«سڵاو، لە ئێرانەوە هاتووم‌و بیابان وەردەگێرم...زۆر لە کاتتان ناگرم، تەنها چەند پرسیارێکم هەیە کە وەڵامدانەوەیان دەتوانێت ژان ماری گۆستاڤ لۆکلزیڤ‌و" ڕۆمانی بیابان" باشتر بە خوێنەرانی ئێرانی بناسێنێت»*

بە زەردەخەنەیەکی هێمن‌و ئارامبەخشەوە بۆ دانیشتن بانگهێشتی کردم. هاوسەرەکەی بە میهرەبانیەکی تایبەتی ڕۆژهەڵاتیەکانەوە قاوەی بۆ هێناین‌و ئەم گەرمی‌و هێمنیە پرکێشی ئەوەیان بە مندا تا پرسیارەکانم زوو دەست پێبکەم.

**ئازیتا: بیابان لە ڕاستیدا دوو ڕۆمانە کە تەریب بەیەک دەڕۆنە پێشەوەو بە پێی یاسای هێڵە تەریبەکان هەرگیز بەیەک ناگەن. بۆچی دوو ڕۆمانتان نەنوسی‌و هەردوکیتان لەیەک ڕۆماندا جێ نەکردەوە؟**

لۆکلزیڤ: بەڵێ دوو ڕۆمانە لە ڕۆمانێکدا، دوو ڕۆمانی تەریب، هەر بەو جۆرەی تۆ وتت، بە دوو کەسایەتی. یەکیان لالایە، کچێکی خانەدان لە بنەماڵەیەک لە نەوەی پەیامبەر (ساداتی شەریفە)، (لالا) وشەیەکە هاوواتای خاتوون، نەوەی پەیامبەرە، کە لە منداڵییەوە لە ڕیشەی خۆی جودا دەبێتەوە. ئەوی دیکە "نور"ە، کوڕێژگەیەک بە پێچەوانەی لالاوە، لە بنەماڵەی ژێردەستی شوانەکان "هارتانی".

لە بەشەکانی پەیوەست بە لالادا، دونیا لە نیگای کەسایەتیەکی کۆچبەرەوە کە هەمیشە لە حاڵەتی ڕۆیشتن‌و سەفەردایە، دەبینرێت. لە بیابانەوە بۆ کەنار دەریاو لەوێوە بۆ فەڕەنساو گەڕانەوە. ئەو وەک گەواهیدەرێکە بەسەر ژیانی کۆچبەرێکی دابڕاو لە نیشتیمانەکەی، لە هەموو جێیەک بێگانە.

لە بەشەکانی تایبەت بە نوردا، لەنێوچوونی هێواشی گرۆیەک گێڕدراوەتەوە. پیاوە شینەکانی بیابانی مۆریتانیا، هێزو دەسەڵاتی خۆیان لە جەنگێکی نابەرامبەردا لەدەست دەدەن‌و بەم حاڵەوە چەند کەسێك زیندو دەمێننەوە، بەڵام نازانین لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانەوەی شکۆو دەسەڵاتی لەدەستچوو یا گەواهیدەرانێك بۆ مێژوو؟ هەڵبەتە دەکرا دوو ڕۆمان بنووسرێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو، "لالا"و "نور" لە هەلومەرجی ژیانی جیاوازدا، گەواهیدەرانێکن بەسەر لایەنە جیاوازەکانی مێژووی ئەم گرۆیەوە، خەڵکانی بیابان.

**ئازیتا: ئایا دەکرێت بوترێت بیابان ڕۆمانێکی سیمبولێکە؟**

لۆکلزیڤ: هەم بەڵێ، هەم نەخێر. سیمبولێکە لەو ڕووەوە کە سیمبولێکە بۆ مرۆڤ و پەیوەندی لەگەڵ خودادا. سیمبولی مرۆڤی ڕاستەقینە بە شوێن حەقیقەتی باڵاتری بان–سروشتیدا، لەودیو ڕەگەزە سروشتییەکانەوەو تەنانەت لەودیو ئازارەوە. هاوکات دەکرێت لالا بە سیمبولی تەواوی مرۆڤە کۆچبەرەکان بزانرێت‌و نور سیمبولی گرۆیەک لە باری جەنگان بۆ مانەوە.

سیمبولێك نییە، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان، چیرۆکێکی دێرین لە ڕیشەیاندا هەیەو بیابان چیرۆکی ژنێکی هاوچەرخە کە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی دادەبڕێت‌و دەچێتە مەیدانی کارو ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵام بۆ بەدونیاهێنانی منداڵەکەی بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە، کتێب بەجێ دەمێنێت. لالا، ئەم بە سروشت، کۆچبەرە، دەکرێت دوبارە بەڕێ بکەوێت‌و بڕوات...ئەو گێڕەرەوەی دابەشبوونی دەرونێکە لە نێوان مێژووی دێرین‌و ئەفسانەیی لەلایەک‌و ژیانی ڕۆژانەی ئەمڕۆکە لەلاکەی دیکەوە. دەبێت خۆی بگونجێنێت‌و ناسنامەی خۆی بپارێزێت. ژنە مەغریبییەکان هەنوکە لەم بارو دۆخەدان، وەک هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی، بە کارو چالاکییان لە دەرەوەی ماڵ. چونەتە نێو کایەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، دەبێت خۆیان لە نێوان ژیانی ئەمڕۆکەو کلتووری باوو

باپیراندا دابەش بکەنو "لالا" دەکەوێتە بەر هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردن لە نێوان ڕابردوویەکی ئەفسانەییو شوێنگەی ژنێك کە دەتوانێت بە ژیانو کار لە دەرەوەیماڵەوە، کەسایەتی خۆی دەربڕێت. هەڵبەتە، لەوێدا کە ڕۆمان چرکەساتێکە لە دەقی مێژوو، برینێکە لە مێژوو و چرکەساتێکی تێپەڕە. بیابانیش چرکەساتێکە لە مێژوو. ئەم کتێبەم ساڵی1980 نووسی، گۆشەیەکە لە مێژوو پێکهاتەی کلتووریی ئەو قۆناغە. لەو کاتەوە دونیا زۆر گۆڕاوە، ڕۆژئاوا لە بەها دروێینەکاندا، لە زاڵگەی زەینیدا، دیل بووەو چیدی گۆڕاوە.

**ئازیتا: عیرفان لە بەرهەمەکانی تۆدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، دەکرێت لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوە بدەنو ئایا هەروا باوەڕتان بە عیرفان هەیە؟**

لۆکلزیۆ: عیرفان لەو بابەتانەیە کە هەمیشە منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ماوەیەکی زۆر موتالای بەرهەمەکانی ئیبن عەرەبی، ئەبو مدین، مەولەویو...م کرد. زۆر بە لامەوە سەرنجڕاکێش بوون. عیرفانی مەسیحیو عیرفانی ئیسلامی، هەردووکیانم خوێندەوەو جیاوازییەکی بنەڕەتیم لە نێوان ئەم دوو عیرفانەدا بەرچاو کەوت. لە ئیسلامدا دەکرێت عارف بیتو ژیانی ئاساییت هەبێت، دین دەرگایەکی کراوەیە کە دەتوانێت لە نێوان دوو پاڵنەری ژیانی مادیو مەعنەویدا هاوسەنگی ڕابگرێت. لە مەسیحییەتدا شتی وا ڕێی تێناچێت، ئەگەر عارف بیت، چارەیەکت نیە جگە لە ڕاهیببونو چاوپۆشین لە ژیانی مادی. ناچار دەبیت لە نێوان مادییەتو مەعنەوییەتدا یەکێکیان هەڵبژێریت. دیارە زۆربەی ڕابەرانی ئازادیخوازی باکووری ئەفریقا عارف بوونو دەبینین کە عیرفان، ئەندێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەوان پێك دەهێنێت. هەنووکەش هەر بەو جۆرەیە، لە وڵاتێکی تەواو گەشتیاریی وەك مەراکیشدا، لەگەڵ شاری مەراکیش کە لە رووی گەشتیارییەوە لە مەیامی دەچێت، بە تەلاری بڵندیو ڤێلای جوانی سپی، هەروەها کەسانێك هەن کە لە عەینی خۆشگوزەرانی ماڵیو ژیانێکی تەواو مۆدێرنو هەروەها پێگەیەکی پیشەیی باشدان، بۆ نمونە پزیشك، پارێزەر، مامۆستای زانکۆو..تاد، بە قوڵایی دینی خۆشیانەوە پابەندنو ڕێساکانی دین لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنن. بۆ نمونە هەموو مانگێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوەو لە کۆمەڵەیەکی خێرخوازییاندا، سەرقاڵی کاری خێرخوازین، خەریکن بە تەرخانکردنو بەخشینی ماڵ. زۆر شێلگیرانە کات بۆ ئەم کارە دادەنێن، بڕیار دەدەنو ئەم کۆمەڵەیە بەڕێوە دەبەنو بەرنامەڕێژی بۆ دەکەن. ئەوان لە ناخەوە باوەڕیان بەم کارە هەیەو باوەڕ بکەن زۆر کاریگەرە بۆیان. ئەوان هەم ژیانی مادی خۆیان هەیە، هەم ژیانی مەعنەوی.

ئەو ئیسلامەی لە باکووری ئەفریقا ناسیم، پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ سروشتدا هەیە. کاتێك بیابانم نووسی، بەهۆی جەنگەوە نەمدەتوانی بۆ ئەو ناوچەیە بڕۆم، بەڵام دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەمدا کە لە هۆزی عەروسییەکانە بۆ ئەوێ ڕۆیشتم، بە تایبەتی بۆ ناوچەیەکی سەیر لە نێوەندی بیاباندا، ناوی ئەو شوێنە مزگەوت بوو، پاشماوەی سەدەی پازدەهەم بوو، لەڕاستیدا بەردێك (هەسارۆکەیەك)ی گەورە بوو کە لە ئاسمانەوە کەوتبوە خوارەوە. هیچ بینایەك بوونی نەبوو، ئەوێ شوێنی وتاردانی "سەید ئەحمەد ئەلعەروسی"، پیری هۆزی عەروسییەکان بوو. ئەو بە یارمەتی داردەستەکەی خۆی دەچوە سەر ئەو تاشە بەردەو لەوێوە وتاری دەدا. مزگەوتێکی بێ میچو سروشتێکی بێنیاز لە زێڕو زیو. میچی ئەو ئاسمان بوو، چ شتێك شکۆدارترە لەوە؟ موریدەکان چەند سورەتێکی قورئانو چەند دێڕێك لە وتەکانی پیری خۆیان لەسەر بەردەکە نوسیبوو. بەو شوێنەیان دەوت "ناوچەی سەوز"، لە کاتێکدا هیچ سەوزاییەك لەوێدا نەبوو. ئەم ناوە خوازەیەك بوو بۆ بەهەشت.

**ئازیتا: ئایا هێشتا باوەڕتان بە عیرفان هەیە؟**

لۆکلزیۆ: هێشتا باوەڕم بە عیرفان هەیە، بەڵام لەودیو وێنەوە نا، بەڵکو لەودیو وتەوە، وەك وتەکانی

ئیبن عەرەبیو مەولەوی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی، یا ڕۆمی).

**ئازیتا: زۆرتر کەسایەتیەکانی ئێوە، ئەگەر نەڵێین هەمویان، یا منداڵن، یا ژن یا بەتەمەن، بۆچی؟**

لۆکلزیڤ: من لە کاتی جەنگدا هاتمە دونیاوە، 1940، پیاومان لە ماڵەوە نەبوو، لەگەڵ ژنەکاندا گەورە بووم. جەنگم لەبیرە ئەوکاتەی لە نیس بومو لە بیرمە بۆمبێکی دوسەد کیلۆیی کەوتە بەردەم ماڵمان، لەگەڵ ئەوەی زۆر منداڵ بووم، کەچی لەبیرمە. ڕێك وەك زەمینلەرزە بوو، بە دەنگێکی تۆقێنەرەوە. جەنگم بە چاوی منداڵێك بینی، برسێتی، سەرما، ترس، بە هەستەکانی منداڵێك هەستم پێکرد. جەنگم لە دیدەی منداڵێکەوە لە یادەو حەز دەکەم کاتێك باسی جەنگ دەکەم، لە چاوی منداڵێك یا سیڤیلێکەوە (پیرەکان، ژنان) بێت. حەز دەکەم ڕوداوە مێژوییەکان لە چاوی منداڵێکەوە ببینمو بیگێڕمەوە. ئەو بۆمبە دوسەد کیلۆییە ئەو کاریگەرییەی هەبوو، ئێستا تێدەگەم لەوەی بۆمبە دوو تەنییەکان، گەر وێنای بکەن دە ئەوەندەی ئەو بۆمبانەن کە من دەیانناسم، ئەو بۆمبە دوو تەنییانەی کە ئەمریکا بەسەر عێراقییەکاندا هەڵی دەڕشت چ لەرزەیەکی هەیە، چ دەنگێکی هەیە، چ هەستێك لای منداڵە عێراقییەکان دروست دەکات.

**ئازیتا: کەسایەتییەکانی کتێبەکانتان گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نایەت، بۆچی؟**

لۆکلزیڤ: لە بنەڕەتدا من کەسێکم کە زۆر هێواش دەگۆڕێم، کەسایەتییەکانیشم بەو جۆرەن، تێڕوانینی خۆم کە بە هێواشی دەگۆڕێت لە کتێبەکانمدا بە درێژایی ساڵەکان بە هەمان ئەو بەهایانەوە، بە هەمان ئەو هەستانەوە دەردەبڕم.

**ئازیتا: چ چاوەڕوانییەکت لە وەرگێڕ هەیەو لە بنەڕەتدا لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبەکانتا بۆ زمانێکی دیکە هاوڕایت؟**

لۆکلزیڤ: هەڵبەتە، لەبەرئەوەی مرۆڤەکانی دیکە کە ڕەنگە زۆر دوور بن، نووسینەکانی من دەناسنو لەوەی کە "بیابان"بە زوویی بە فارسی دەخوێندرێتەوە، زۆر خۆشحاڵم. لە بنەڕەتدا وەرگێڕان بە ڕای من جۆرێك لە خۆبوردنە. منیش چەند وەرگێڕانێکم کردووەو یەکێکیان ساڵونیوێك کاتی لێ گرتمو لەو ماوەیەدا تەنیا خۆم بۆ ئەوە تەرخانکردبو. حەز دەکەم شێوازو هونەری من لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بگوازرێتەوەو چاوەڕوانی ئەوە لە وەرگێڕ دەکەم بە شێوەیەك وەرگێڕان بکات کە بزانرێ کتێبەکەم بۆ کەسانێکی شایەنی خوێندنەوەو سەرنج نوسیوەو بە تایبەتی بۆ ئەوانم نەنوسیوە. حەز دەکەم وەرگێڕان، هەستەکان، سۆزەکان، یادەوەرییەکانو خوازەکانی من بگوازێتەوە.

هیوادارم ئێوە لەم کارەدا سەرکەوتووبن.

<u>**و: سەروەر عومەر**</u>

**سەرچاوە:** سایتی فەرمی "انتشارات کاروان"

# دەنگە نوێیکان لە دووهەمین فێستیڤاڵی هونەریی گەرمیاندا






فێستیڤاڵی هونەریی گەرمیان هەموو ساڵێك لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیانەوە لە دەربەندیخان سازدەکرێت، بۆ ئەمساڵیش بەدەر لە چالاکی مۆزیکی و پێشانگەی شێوەکاری، وەرزێکی نمایشکردنی شانۆیی تێدا نمایشکرا، کە بریتیبوون لە شەش شانۆگەریی، لە شارەکانی (کفری، کەلار، دەربەندیخان، چەمچەماڵ)

چەمچەماڵ بە هەردوو شانۆگەری (گەمەی کورسیەکان، کاتژمێر)، کەلار بە شانۆگەری (قابیل، چوارینە) کفری بە شانۆیی (بۆ فرۆشتن، بۆفرۆشتن)، دەربەندیخان بە شانۆگەری "شەوی ئەفسونگەران" بەشداری ئەم فێستیڤاڵەیان کرد..

بەشێوەیەکی گشتی" ئەمساڵ ئاستی فێستیڤاڵەکە مامناوەندی بوو، لەسەر ئاستی نواندنیش چەند ئەکتەرێك دەرکەوتن، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ئەزموونی باشتریان لێچاوەڕوان بکرێت، بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا کە تاڕادەیەکی زۆر بۆشایی ئەکتەرو کادیری هونەریی دەبینرێت، بەڵام لەسەر ئاستی تیپ و گروپەکان، هەندێ ئیش پێشکەشکران کە تاڕادەیەك کەموکورتیان هەبوو، ڕەنگە هۆکاری ئەم کەموکورتیەش بۆ زۆر هۆکار بگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ دەرهێنەر لەم فێستیڤاڵەدا شانۆگەرییان پێشکەشکرد لە ساڵانی ڕابردوودا ئیشی باشتریان هەبووەو ئەزموونەکەشیان لەوەزیاتر بوە کە ئێمە لێمان بینیون، بەتایبەتیش هەردوو دەرهێنەر (کەماڵ حەمەڕەشید و تالیب عەبدولکەریم) کە ئەم دوو دەرهێنەرە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ئیشەکانی پێشوتریاندا ئاستی هونەریی بەرزتریان هەبوو، دیارە سروشتی کاری هونەرییش وایە ئەزموونی هونەریی بەرزونزمی تێدادەبێت.

"تالیب عەبدولکەریم" کە دەرهێنەری شانۆگەری (کورسیەکان) بوو، لە هەڵبژاردنی تێکستەکەیدا تاڕادەیەکی باش توانیبوی سەرکەوتووبێت، بەڵام ئەوەی گرفتی ئەم دەرهێنەرەیە ئەوەیە، کە زۆرشتی لایەو ناتوانێت لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستەی بکات، یان بەرجەستەی بکات بە وێنە، بەتایبەتیش ئاستی ئەکتەرەکانی، تاڕادەیەك باش بوون، هەر ئەمەش وایکرد کە (غازی) باشترین کچە ئەکتەری فێستیڤاڵ بێت، بەڵام "تالیب" بۆ کارەکانی داهاتووی زیاتر پێویستی بە خۆماندووکردن و کەشفکردنی دونیای دەقی نمایشدەبێت، بۆئەمەش تالیب دەڵێت" یەکێك لە گرفتە

سەرەکیەکانی ئێمە لەم نمایشەدا کەمی کات بوو، گەر کاتی زیاتر لەبەردەستابوایە، بەدڵنیاییەوە ئیشی باشتریش دەکرا، ئەمە جگە لە گرفتی ڕوناکی و هۆڵ و....هتد"

(کەمال حەمەڕەشید)یش یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی کە بەردەوام چاوی لەسەرە، چ لەلایەن بینەرانەوە، چ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، بەوەی لە چەند فێستیڤاڵێکدا خەڵاتی بەدەستهێناوە، گرفتی ئەم دەرهێنەرە لەم نمایشەدا دووشت بوو، یەکەمیان کۆنترۆڵ نەکردنی زەمینەی نمایشەکە، بەوەی خۆی لە یەك کاتدا ئەکتەرو دەرهێنەریش بوو، بێگومان لە حاڵەتێکی وادا ناتوانێت چاودێرییەکی وردی جوڵەو نواندنی ئەکتەرەکان بکات.

دووەمیان: ئامادەکردنی دەقی شانۆیی لە ڕۆمانەوە، دیارە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر قورسەو ڕەنگە داهاتووی ئەم دەرهێنەرە هێڵەکانی نمایش و پلانی وردی کارکردنی لێ وون بکات، گەر کەمال پەنای بۆ ئامادەکردنی دەق نەبردایە بەدڵنیاییەوە ئیشی لەوەباشتری دەکرد کە ئێمە بینیمان، بەتایبەتی ئاستی ئەکتەرەکانی لە ڕووی هونەرییەوە باش بوون.

"بەشار عەلەوی" دەرهێنەری شانۆیی (بۆفرۆشتن ..بۆ فرۆشتن) سەبارەت بە شانۆییەکەی وئاستی فێستیڤاڵ وتی" دیارە شانۆییەکە من خۆم نوسیومەو خۆشم دەرهێنانم بۆکردووە، بەشێوەیەکی گشتی نمایشەکە هەوڵی داوە گرفتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بە زمانێکی شانۆیی بخاتە ڕوو، سەبارەت بە فێستیڤاڵیش، جگە لە هەندێ کەمووکورتی بە شێوەیەکی گشتی ئاستی فێستیڤاڵەکە زۆر باش بوو"

سەبارەت بە نمایشەکان و ڕیتمی فێستیڤاڵ "فاروق سابیر" سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی گەرمیان دەڵێت " ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم فێستیڤاڵە، وەگەڕخستنی توانا هونەرییەکانە، دیارە هیچ فێستیڤاڵێك بێ کەمووکورتی نابێت، گەورەترین گرفتی ئێمە لەم فێستیڤاڵەدا کەمی بودجە بوو، کە وەك پێویست نەما توانی هەندێ دەستکراوەتربین، بەڵام بەسوپاسەوە هەندێ بەرپرسی گەرمیان زۆر هاوکارییان کردین بۆ دابینکردنی خەڵاتەکان"

حەسەن حەمەساڵح ئەندامی لیژنەی باڵای فێستیڤاڵیش دەڵێت" فێستیڤاڵی ئەمساڵ لە ساڵانی پێشتر باشتربوو، بەڵام ئەوەی گرفتی بۆ ئێمە دروستکرد، دواکەوتنی میزانیە بوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەمە جگە لەوەی کەمی ئەو بودجەیەی کە دایان نابوو بۆ فێستیڤاڵ زۆر کەم بوو لە چاو فێستیڤاڵی شارەکانی تردا، بێگومان ئەمانە بمانەوێت یان نا گرفتی ئیداریی دروست دەکەن و کاریگەریی سلبی لە سەر فێستیڤاڵ دەبێت.

لە دواهەمین ڕۆژی فێستیڤاڵیشدا لیژنەی دادوەرانی فێستیڤاڵ، لە ئاهەنگێکی بەرفراواندا خەڵاتەکانی فێستیڤاڵی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

* خەڵاتی باشترین بەرهەم، بۆ شانۆیی (قابیل) دەرهێنانی گۆران نامیق

*خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ، بۆ کچە ئەکتەر (ئاڵا غازی) لە شانۆیی (گەمەی کورسیەکان).

*خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ، بۆ (سالار محەمەد) لە شانۆیی (قابیل)

*خەڵاتی دووەمی ئەکتەری کوڕ، بۆ (بەشار عەلەوی) لە شانۆیی بۆ (بۆفرۆشتن.. بۆ فرۆشتن)

جگە لە بەخشینی چەندین خەڵاتی هاندان و پشتگیری بۆ چەند کوڕو کچێکی بەشداربووی ئەم فێستیڤاڵە.

جێگەی ئاماژە پێدانە فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژی 5-2007/12/7 لە دەربەندیخان سازکرا.

**ئا: زانیار مەحمود**

# هونەرمەندانی ئەڵمانیا پیشەیی کاردەکەن

قوتابخانە باڵاو ئەکادیمیاکانی فیلم لە ئەڵمانیا ژمارەیان لە زیادبووندایە، ئەڵمانیا نەوەیەکی نوێی لە دەرهێنەرانو ئامادەکارانی فیلم پەروەردە کردووە، ئەو نەوەیە باش فێری پیشەکەی خۆیان بوون هەروەك چۆن فێری پیشەی مامۆستایەتیو پەرستاریو میکانیکی دەبن.

(فیلمە ئەڵمانییەکان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی نمایشکراون) 24ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ 2007 سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا (هانس گرت پوترینگ، لە شتراسبورگ، خەلاتی (Prix lux)ی ئەورووپی بەخشی بە ژنە هونەرمەندی فیلمی (لێرەوە)، ئەم فیلمە لەلایەن هونەرمەندی ئەڵمانی بەڕەچەڵەك تورکی (فاتح ئاکین)ەوە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، ئەم فیلمە لە سێپتەمبەری ئەمساڵ بۆ وەرگرتنی ئۆسکار لە بەشی باشترین فیلمە بیانیەکاندا کاندیدکرا.

بۆ ئاشنابوون بە چۆنیەتی سەرکەوتنی فیلمە ئەڵمانییەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا، لەگەڵ یەکێك لە رەخنەگرە بەناوبانگەکانی سینەمای ئەڵمانیا چەند گفتوگۆیەکمان کرد، ئەویش (ئینگرید بارتیچ)ە، (ئینگرید بارتیچ–ingrid Bartsch) لە کۆلنی ئەڵمانیا لە دایك بووە، بەشی ئەدەبیاتی ئەڵمانیو فیلمو شانۆو مێژووی لە زانکۆی ئەو شارە تەواو کردووە، لە ساڵی 1987 هاوکاری کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی کردووە وەك بەرنامەی (WDRو ARD)، بارتیچ لە هەمان کاتدا بەناونیشانی ئەندامی لیژنەی ژووری کە لە زۆربەی فێستیڤاڵو بەرنامە فەرهەنگیەکانی ئەڵمانیا بەشداری کردووە.

بارتیچ وتی:. بەتێڕوانینی من، ئەو ژنو پیاوە هونەرمەندانەی لە سینەمای ئەڵمانیدا کاردەکەن دوالیزمێك، یان لەوانەیە دژیەکیەکیش پێك دەهێنن. فیلمی (مارتای رووخۆش)، (ماڵئاوا لینین) لەسەر ئاستی سینەمای جیهانی شایەنی سەرنجدانن، هەندێ فیلم هەن بەهۆڵێکی خاڵیەوە نمایش دەکرێت، ئەگەرچی لە چەند فێستیڤاڵێکی جیهانیدا نمایشکراوە وەك (مارسی) (دانپیانەری هەڵە)، لەم رووەوە سەرکەوتووبوونو هەندێ لە رەخنەگرە سینەماییەکان بەباشیان لەقەڵەمداوە، وەك دوو فیلم لە فیستیڤاڵی کاندا نیشاندراون. بەڵام فیلمی (مارگارتە هونەری تەروادە) هیچ بینەرێکی نەبوو، ئەگەرچی لە فیستیڤاڵی ڤینیسیاش نمایشکرا.

کەمن، ئەو دەرهێنەرە ئەڵمانیانەی سەرنجی بینەرو رەخنەگری سینەمای جیهانی رادەکێشن وەك (تۆم تایلۆر)و (ڤانگارتنەر)و (فاتح ئاکین).

## وێنەی سینەمای ئەڵمانیا لەجیهان:

کاتێك سێ ساڵ بەر لەئێستا، فیلمی (ساڵە باشەکان تێپەڕین) لە فێستیڤاڵی کاندا لە بەشی پێشبڕکێکاندا نیشاندرا، من راپرسیەکی کورتم لە نێوان رۆژنامەنووسە نێونەتەوەییەکاندا ئەنجامدا، کە دەیانویست سەیری ئەو فیلمە بکەن، هەموویان ئومێدی ئەوەیان دەکرد کە (ڤانگارتنەر) سەرکەوتووبێت، هەروەك چۆن لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەرکەوتوو بوو. زیاتر لەو رۆژنامەنووسانە ناوی دوو دەرهێنەریان دەهێنا ئەوانیش (ڤیم ڤندرز)و (ڤرنەر هرتسوگ) کە زۆربەی فیلمەکانیان لە فێستیڤاڵی کاندا بانگهێشت کراون.

چەند فیلمێك هەیە زۆر بەئارامیو سەختی شایەنی قبوڵکردنن، بەتێڕوانینی من لە سەر ئاستی جیهانی هەموو فیلمەکان یەك وێنە نیشاندەدەنو هەر تەنیا بۆ ئەو تاقە وێنەش رێگەیان بۆ کراوەتەوە، ئەمەش خۆی دووبارە دەکاتەوەو خۆی بەهێز دەکاتەوە، ئەویش ژیاندۆستیو عشق بۆ ژیانو شەوقو پڕ وشەبوون،

لەوانەیە ئەم تایبەتمەندانە سیفەتێك بن بۆ هەردوو سینەمای فەرەنسیو ئیتالی. بەلأم فیلمی ئەمریكی پڕ جموجۆڵە.

بەهەمان شێوە مرۆڤ لە فیلمە چینەكاندا نواندنێكی بەشكۆو تەندروستە، بەم شێوەیە ئێمە پێویستە لە ئەڵمانیا قووڵتر بینو كەمێكیش خەمناك.

چەند فیلمێكی قووڵو بەرەواج هەن، جا ئەو فیلمانە فەرەنسی یا پورتوگالی یا لوستانین،و لە فێستیڤاڵیە سێركیەكان پێشوازیان لێ دەكرێت، بۆ من ئەو شێوە فیلمانە بۆ سینەمای ئەڵمانی دەست نادات. ئەمەش گرنگی خۆی هەیە ئەوەش ئەو شتە بینەری فیلمەكان دەیانەوێتو هەر ئەمەش وا دەكات فیلمەكان رەواج پەیدا بكەن.

## فیلمە سەركێشەكانی ئەڵمانیا:

كاتێك تەنیا دوو رووی ئەمە لە فیلمێكدا یەكدەگرن، وەك لە فیلمی (ژیانی ئەوانی تر) لەم حاڵەتەدا بابەتی فیلمەكە تایبەت دەبێت بەمێژووی ئەڵمانیاوە. بەلأم فیلمی سەركێشی وەك فیلمی (straight shooter)، ئەم جۆرە فیلمانە كەسێك نە لە ئەڵمانیاو نە لە دەرەوەی ئەڵمانیاش ئارەزووی بینینی ئەو جۆرە فیلمانە نەبوون.

بەڕاستی بۆچی ئەڵمانیا فیلمی سەركێشی بەرهەم بهێنێ؟

هەتا باشترینیشیان بەرهەمی هۆلێودن. لە جیاتی ئەو فیلمانە هەندێ فیلمی تر هەیە لەسەر ئاستی جیهانی سەركەوتنی بەدەست هێناوە، وەك فیلمی (هیچ شوێنێك لە ئەفریقا)و (ماڵئاوا لینین)و (ژیانی ئەوانی تر).

فیلمی (لۆلا رادەكات) یا (سەری لەناودیوار)دایە ئاماژە بەو حاڵەتە دەكەن كە دەرهێنەر لەسەر ئەو بنەمایە فیلمەكەی بەرهەمهێناوە، رەنگە ئەوە ئەوەندە گرنگ نەبێت كە لۆلا بۆ ئەڵمانیا رادەكات، بەڵكو ناوەرۆكو بابەتی فیلمەكە جیهانین، لێرەدایە كە تایبەتمەندیەتی فیلم بەرجەستە دەبێت، ئالێرەدایە ئەوە ئاشكرا دەبێت كە هونەرمەندی پیشەیی شتێكی هەیە بۆ وتن!.

هەرچەند فیلمی (لۆلا رادەكات) لە ئەمریكا بینەرێكی زیاد لەسنوری هەبوو، و پێشوازیەكی باشیان لێ كرد، بەلأم هەمان فیلم لە فەڕەنسا سەرنجی تاكە كەسێكی رانەكێشا، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە فیلمە ئەڵمانیاییەكان، لە دەرەوەی ئەڵمانیا بەشێوازی جیاواز پێشوازی لێ دەكەن، هەروەك چۆن ناتوانرێت بوترێت هەموو فیلمە ئەڵمانیاییەكان بەهەمان شێوەنو هەموو تێڕوانینە دەرەكیەكان یەكسانن.

## دەرهێنەری باش... ژینگەیەكی باش:

دەربارەی شێوەو ناوەرۆكی فیلمێك دەتوانرێت زۆر شتی لەسەر بوترێت، دەتوانرێت لەسەر ئەو تێڕوانینە جیاوازانە قسە بكرێت كە لەسەر فیلمەكە هەیە، تاقە شتێك كە شایەنی قسە لەسەركردن نیە ئەویش ئەوەیە، هونەرمەندە ئەڵمانیەكان، زۆر باش فێری پیشەكەی خۆیان بوونو زمانی سینەمای خۆیان بەئاگاییو ئامانجدارەوە بەكاردەهێنن، قوتابخانە باڵأو ئەكادیمیاكان لە ئەڵمانیا رۆژ بەڕۆژ ژمارەیان لەزیادبووندایەو نەوەیەكی نوێ لە دەرهێنەرو ئامادەكاری فیلمی ئەڵمانی پەروەردە بوون، ئەم رووەش تەنیا بۆ ئەو كەسانە گرنگ نیە كە لە پشتی كامێراوە وەستاون، هونەرمەندانی وەك (دانیل برهل، موریتس بلایب تروی) ئەمڕۆ ئەم هونەرمەندانە نەك هەر دەست خۆشیان لێدەكرێت بەڵكو بەناونیشانی هونەرمەند كاردەكەن.

**سەرچاوە:**

رادیۆی–دویچە ڤیلی–ئەڵمانیا.

**و. چنور محەمەد**

# حەوت شۆڕش و حەوت فیلم

لەمێژووی سینەمادا، ئەبینین بەزۆری ئەو چیرۆکو بەسەرهاتانە کراونەتە فیلم، کە باسیان لە خەباتی خەڵکی کردووە بۆ ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی و زوڵم و زۆر. ئەو کارانەش بۆیە کراونەتە فیلم، کە سەرنجی زۆرترین بینەر بەرەو لای بەرهەمەکانی خۆیان ڕاکێشن. ئەم بەسەرهات و چیرۆکانە هەمیشە لەمەیدان و بابەتی پێکدادان و ململانێ و بەرەنگاربوونەوەکان بوون و بەومانایەی کە ئەو بابەتانە هەمیشە زۆرترین بینەری بابەت بوون بەدرێژایی مێژوو. لێرەدا ئاماژە بە حەوت فیلم دەکەین کە دەربارەی حەوت شۆڕش بەرهەمهێنراون:

**1-ئۆکتۆبەر- کە لەلایەن لێرگی ئایزنشتاینەوە لە ساڵی (1927)ەوە بەرهەم هاتووە.**

لەساڵی (1927)دا حکومەتی سۆڤییەتی فەرمانیان بەدەرهێنەری ناوداری ڕووسی (سێرگی ئایزنشتاین) دا کە فیلمێك بەبۆنەی دەیەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە ئامادە بکات و کارێکی وابکات خەباتی کرێکاران دژ بەقەیسەری تێدا بەرهەم هێنرابێت. هەرچۆنێك بێت فیلمەکە سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەمڕۆش باشترین دیکۆمێنتە لەبارەی مێژووی ڕەوتی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم بەسەر ڕژێمی قەیسەردا لەو سەردەمەدا.

**2- بژی زاباتا (شۆڕشی مەلیك)**

**دەرهێنەر:(ئەلیکا کازان) ساڵی (1953)**

مەکسیك لەژێر چەپۆکو ستەمی فیوداڵەکاندا ئەینالاند، چەوساوەترین چین و توێژی کۆمەڵگا لەو سەردەمەدا جووتیاران بوون، کە هیچکات هەقدەستەکەیان بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژی نەدەکرد. لەوبارودۆخەدا جوتیارێك بەناوی (ئەمیلیا نوزاپاتا) بووە پێشەنگی ڕاپەرینێکی جووتیاران دژ بەفیوداڵەکان. سەرەنجام زاپاتا دەکوژرێت و ئەسپە سەرکێشەکەی لێدەکاتەوەو ڕووەو چیا گەردن کەشەکان دەڕوات و ڕۆحی زاپاتاش ناوەکەی لە دڵی ڕەنجدەراندا تا ئەمڕۆش دەهێڵێتەوە.

**3- سپارتاکۆس (شۆڕشی کۆیلەکان)**

**دەرهێنەر ستانلی کۆپریك 1960**

کەم کەس هەیە فیلمی سپارتاکۆس و ڕاپەڕینی کۆیلەکانی نەبینیبێت، خۆی لەناخی ململانێکەدا نەبینێتەوە، فیلمێك سەرەڕای ئەوەی، دەربارەی ژیانی کۆیلەکانەو هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی یاسای کۆیلایەتی، بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی شۆڕش و ڕاپەڕینی ئەو کۆیلانەوەو ئەو گەرمووگوڕییەی کە لە فیلمەکەدا هەیە بۆ گەیشتن بە پچڕاندنی کۆلایەتی و تام کردنی ئازادی بەئاسانی سنووری ئەو مێژووە دوورەی شکاندووەو گۆڕیویەتی بە وانەیەك بۆ خەبات و دژایەتیکردنی جەوروستەم بۆ هەموو سەردەمەکانی.

**4- من کوبام (شۆڕشی کوبا)**

**میخائیل کالاتازۆف- سێرگی نۆردسۆفسکی 1962**

چیرۆك و بەسەرهاتی (من کوبام)، باس لەڕووداوێك دەکات کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی کوبا، واتا دەورانی حکومڕانی باتیستای دیکتاتۆر.

سەرەتای فیلمەکە وا دەست پێدەکات: جوتیارێك لەوەرزی درەودا سەرگەرمی کۆکردنەوەی قامیشی شەکرە لە کێڵگەکەیدا، خاوەن زەوییە زۆردارەکانیش ئەچنەسەری و ماوەی (24) کاتژمێری بۆ دادەنێن تا بەروبوومی ناو کێڵگەکە جێبهێڵێت. جووتیارەکەش نایکاتە نامەردی و قامیشە شەکرەکە ئاگر تێبەردەدات و بەرەو ناوچەیەکی هەژارنشینی شار هەڵدێت، دواتر ڕوودەکاتە لای شۆڕشگێڕەکان و تێکەڵی شۆڕشی کوبا دەبێت تاسەرکەوتنی شۆڕش دێتەبەرهەم.

**5- شۆڕشی جەزائیر**

**جیلو پۆنتەکۆرۆف 1965**

ئەم دەرهێنەرە ئیتاڵییە، بۆ بابەتی فیلمەکانی هەمیشە ڕووداوە سیاسییە گەرمەکانی کردۆتە سەرچاوەو بەوەش فیلمی بەبڕشتو بینەری زۆری بۆخۆی پەیدا کردووە. هۆکاری سەرکەوتنی فیلمی "شۆڕشی جەزائیر" دەگەڕێتەوە بۆ زۆربەکارهێنانی بەڵگەو دیکۆمێنت و بەکارهێنانی شوێنی سەرەکی ڕووداوەکان لەفیلمەکەدا. فیلمەکە، باس لەراپەرینی خەڵکی جەزائیر دەکات، دژ بە فەرەنسییەکانو (عەلی سالم) پێشەوایەتی ئەو ڕاپەرینە بووە.

6- گاندی (شۆڕشی هیندستان)

ڕیچارد ئاتنبرۆ (1981)

ئەم دەرهێنەرە، لە فیلمەکەیدا بەشێوەیەکی واقیعی ڕووداوەکانی شۆڕشی هیندستان دەگێڕێتەوە، مەبەستیشی لەگێڕانەوەکەی، نیشاندانی چەند لایەنێکی ڕووناکی خەباتو کەسێتی ڕێبەری شۆڕشی هیندستان (ماهاتما گاندی) بووە کە لەساڵی (1948) بەدەستی هیندۆسێکی توندڕەو بەناوی (ڕامینات) تیرۆر کرا. لەڕاستیدا دەرهێنەری فیلمەکە هەموو توانای خۆی خستۆتەگەڕ، بۆ ئەوەی پرسیارێك لای بینەر دروست بکات، ئەویش بریتییە لەوەی کە: ئایا ڕێبەرێکی لایەنگری یەکسانیو حەقخوازی بۆچی دەبێ چارەنووسی بەوشێوەیە کۆتایی پێبێت؟

7- دایتۆن (شۆڕشی فەرەنسا)

ئەندریا وایدا (1982)

ئەم فیلمە بەوردیو دووورودرێژی، باس لەبنەماکانو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی دەکات، ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەورانی پاشو پێش شۆڕشەکە لەفیلمەکەدا بەرجەستە دەکات، بەوردی باس لە کێشەو ململانێکانی ناو شۆڕشەکەو دەرەوەی شۆڕشەکە دەکات، بەزیرەکانە گرفتو ململانێکانو دەسەڵاتخوازیو لەگەڵ ئەوانەشدا جەربەزەیی شۆڕشگێڕەکان دەکاتە ئامانجو دەبێتە ئاوێنەی نیشاندانو گێڕانەوەی مێژووی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ..

**سەرچاوە:** دائیرەالمعارف زرین

ل (1691–1700)

**ئا: شاتوو**

# فێستیڤاڵی گەلاوێژو..
# نیگەرانیی نووسەران

لە تەواوی دنیادا فێستیڤاڵە ئەدەبیو هونەرییەکان هەوڵێکن بۆ دەرخستنی توانا نوێیەکانو برەودان بە کارە داهێنراوەکان، لەم فێستیڤاڵانەدا کەسانی شارەزاو پسپۆڕی بوارە جیاجیاکان دەبنە دادوەرو بڕیار لەسەر سەرکەوتوویی یان سەرنەکەوتوویی بەرهەمەکان دەدەن، ئیدی ئەو کەسانەی کاری هەڵسەنگاندن دەکەنو بڕیارەکانی کۆتایی بەسەر بەرهەمەکاندا دەدەن، لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەرو تیۆری خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنو راڤەی تێکستی ئەدەبی یان هونەری لە ئاستە جیاجیاکاندا بڕیارەکانی خۆیان دەدەن.

گرنگ ئەوەیە، کاتێك نووسەرێك یاخود هونەرمەندێك، بڕیار دەدات بە بەرهەمێکی تازەوە بەشداری لە فێستیڤاڵو پێشبڕکێکەدا بکات، ئەوا پێویستە بەر لە هەرشتێك بڕیارەکانی کۆتایی قبوڵ بێتو بە سنگێکی فراوانەوە وەریبگرێت، نەك بیکاتە هەڵاو ڕەخنەگرتنو زۆرجار بەداخەوە ئاستەکە تەواو دادەبەزێت بۆ درکاندنی قسەی سووكو بێمانا،چونکە هەر کەسێك کە بەشداریی فێستیڤاڵ دەکات لای خۆیەوە وای دێتە خەیاڵ کە یەکەمەو سەرکەوتوو دەبێت، بەمەرجێك بە هیچ شێوەیەك شاعیربوونو نووسەربوون شوناسێك نییە، فێستیڤاڵەکان بیدەن، بەڵام مەرجیش نییە لای کەسانی پسپۆڕو شارەزای لیژنەکانی هەڵسەنگاندن ئەو بەرهەمە وەك خەیاڵی خاوەنەکەی سەرکەوتوو بێت، ئەوەشمان بیر نەچێت هەرکەس لەو لیژنانەدا بەپێی ئاستی میزاجیو چێژوەرگرتنو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی نمرە دەدات بە بەرهەمەکان، ئەویش بێگومان شتێکی ڕێژەییە، کە هەموومان وەك یەك و لە یەك ئاستدا چێژ لە

بەرهەمێکی هونەری یان ئەدەبی وەربگرین، بۆیە دەبێت بە هەموو کەموکورییەکانەوە بڕیاری کۆتایی لیژنەکانی هەڵسەنگاندنمان پێ قبوڵ بێت، چونکە لە سەرەتاوە خۆمان بڕیارمان داوە بەشدار بین‌و کەس بەڵێنی ئەوەی نەداوە پێمان کە یەکەمین یاخود هیچەم!..

فێستیڤاڵی گەلاوێژ، کە بۆتە نەریتێک‌و ساڵانە لە شاری سلێمانی سازدەدرێت، بەجۆرێك لەجۆرەکان شێوەو شکڵی تایبەتمەند بە خۆی وەگرتووەو تا ئەندازەیەکی باشیش مەرجەکانی فێستیڤاڵی لەخۆگرتووە، هەر لە وەرگرتنی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە تا دەگاتە پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندن‌و ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی چالاکی‌و ڕۆژەکانی فێستیڤاڵ، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم فێستیڤاڵەدا، ساڵ لەدوای ساڵ کۆمەڵێك نووسەرو خاوەن ئەزموون لێی دەکشێنەوەو لە جێگەی ئەوان کەسانی تازەو گەنج دێنە پێشەوە، ڕاستە ئەوە جێگەی خۆشحاڵی‌و ئومێدە، (گەلاوێژ) دەرگا لەڕووی ئاستی بەرهەم‌و تەمەنە جیاوازەکان دەکاتەوەو هەلی هاتنە پێشەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت، بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسی‌و ئاینی‌و ئەخلاقی‌و ڕەگەزی، بەڵام ئەوەی سرووشتی نییەو مایەی هەڵوەستەلەسەرکردنە ئەوەیە، کە زۆرێك لەو نووسەرو خاوەن ئەزموونانەی خەڵات نابەن‌و سەرکەووتوو نابن تووشی حاڵەتێکی ناجۆر دەبن‌و وەك ئەوەی غەدرێکی گەورەیان لێکرابێت، دەستدەکەن بە تانەو تەشەر لە هەڵسوڕاوانی فێستیڤاڵەکەو ئەو کەسانەی یەکەم بوون‌و خەڵاتی سەرکەوتنیان وەرگرتووە، بەتایبەت ئەمساڵ زۆربەی خەڵاتەکان بەر نووسەرو بەهرەمەندە گەنجەکان کەوتن، لەبری دەستخۆشی‌و پیرۆزبایی درانە بەر تانەو تەشەرو جۆرەها تەشهیریان خستە پاڵیان، لە جۆری ئەوەی "دەستکاریی ئەنجام‌و نمرەکان کراوە" یان "فلانە کەس سەر بە حزبەو بە خاتری ئینتمای سیاسی‌و حزبی خەڵاتی پێدراوە"، زۆرجار قسەڵۆکەکانی دوای فێستیڤاڵ دەگەیشتنە ئەو ڕادەیەی"فلان کەس شیاوی ئەو خەڵاتە نەبوو، دەبوایە بدرایە بە فلان کەس.."،

ئەم نیگەرانیانە لە فێستیڤاڵە ئەدەبییەکان بەتایبەت گەلاوێژ، ئەگەر بەشێکی بۆ نەمانی متمانەی نێوان بەشداربووان‌و لیژنەکان بگەڕێتەوە، ئەوا بەشەکەی تری بۆ ئەو هەڵوێستە موتڵەقگەراییە دەگەڕێتەوە کە ئیدی کەسێك ئامادەی دۆڕان نییەو بڕوای بەوە نییە کەسێك بەرهەمی لەخۆی جوانتری هەبێت‌و بێتە پێشەوە،

ئەم حاڵەتە بەر لە هەرشتێك ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئێمەش ڕۆشنبیری دیکتاتۆرو نووسەری دڵڕەقمان هەیەو دواجار ئاستی هۆشیاری‌و کراوەیی‌و شەفافیەتی خۆیان دەخەنە ژێر پرسیارو گومانەوە.

بەشبەحاڵی خۆم پێموایە هیچ ساڵێك ئەوەندەی ئەمساڵ لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی چیرۆك‌و شیعر، سەلیم‌و سەرڕاست نەبوون، چونکە بەتایبەت لیژنەی شیعر کە خۆم "لەژێر دەستیاندا خەڵاتم وەرنەگرت" هەرسێکیان کەسانی دیارو بەرچاوی ناو دونیای شیعرو ڕەخنەی کوردین‌و بایی زۆر لەوە زیاتریان پێیە بڕیاری جەریئانە لەسەر بەرهەکان بدەن‌و هەرواشیان کرد.

بۆیە دەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو فێستیڤاڵ متمانەی زیاتر بداتە بەشداربووان‌و بەشداربووانیش ڕوانینی خۆیان بگۆڕن بۆ جۆری بەشداریکردنەکەیان، چونکە مەرج نییە هەموو نیگەرانیەکی نووسەران سەری لە ڕاستییەوە دەربچێت‌و مایەی تێڕامانی هەمووان بێت.

**ئیدریس عەلی**



# پۆرترێت لەدیدێکی ترەوە

## Kris Scholz – کریس شولز

(2)

پۆرترێت، بەشێوەیەکی گشتی بە فۆتۆیەك دەوترێت کە بابەتی سەرەکی تێیدا کەسێك بێت، پێشتر لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە پۆرترێت تەنها دەموچاوی کەسێك دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا بە فۆتۆیەك دەوترێت کە مرۆڤی روبەڕوو تێدابێت، مەرج نییە تەنها دەموچاوی بێت. لێرەدا باسی کەسێك دەکەین کە توانیویەتی گۆڕانکاری زۆر لەنێو هونەری پرۆترێت گرتندا ئەنجام بدات.

کریس شولز ساڵی 1952 لەهانۆفەر لە دایکبووە، ساڵانی 73–75 سەرقاڵی خوێندنی سایکۆلۆژی بووە لەزانکۆی دۆسلدۆرف، لەساڵانی 79–85 وانەبێژی هەمان زانکۆ بووەو ساڵی 1980 بووە  خاوەنی دکتۆرا لەهەمان زانکۆ. تا ئێستاش هەر لەو شارە دەژی.

سەرەتای کارکردنی شولز دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان کاتێك کە پۆرترێتی رەشوسپیو یەك نەفەرو دواتر رەنگاورەنگو دوو نەفەرو چەند نەفەرەی گرتووە، پرۆترێتەکانی زیاتر لەژێر کاریگەری سەردەمی رێنیسانسن، بەجیاوازی ئەوەی کە کریس باکگراوندی فۆتۆکانی خۆی لادەبا، یاخود لێڵیان دەکات، لەکاتێکدا ئەو کەسانەی وێنەیان دەگرێت لەشوێنی خۆیانو بەویقارەوە وەستاونو لەئایندەیان دەڕوانن.

شولز پێیوایە سەردەمی رێنیسانس توانیویەتی گەورەترین گۆڕانکاری لەمێژووی هونەریی مرۆڤایەتیدا بکاتو کاریگەری زۆری هەبێت لەبەرەوپێشبردنی هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی ئازادی بەخشین لەهونەر.



سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی

soranmail@photo.net